# لێژنەی ڕێگا پێدانی هێنانی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانی بۆ ناو هەرێم

ماوەیەکە بازارەکان و شەقامەکانی هەرێمی کوردستان پربووە لە ئۆتۆمبێلی جۆرو ناونیشانی نەناسراو و خراپ . وەلە پێناو بە فیرۆ نەچوونی سامانی وولآت و هاولآتیانی کوردستان بە کڕینی ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە دوای ڕەزامەندی بەرێزان وەزیری دارایی و ناوخۆ و بازرگانی ئەم لێژنەیە پێك هات بە نوێنەرایەتی دەزگا تایبەت مەندەکانی هەرسێ وەزارەت ، بۆ پێداچوونەوەو ڕێگا گرتن لە هێنانی ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە . بەپێی فەرمانی وەزارەتی دارایی ژمارە ‎/١٧٩٨/٥/١‏ لە ٢٠٠٧/٨/٢١ ئەرکی ئەم لێژنەیە دانانی مەرجی ستانداردە لەسەر ئەو کۆمپانیاو بازرگانانەی ئۆتۆمبێل و ئامێر بۆ ناو هەرێم دێنن لەلایەنی ( تەکنیکی ، هونەری ، زانستی ، شوێنی دروست کردنی (بلد المنشأ) ) بۆیە لە کاتی هێنانی ئۆتۆمبێل بۆ ناو هەرێم ئەگەر ڕەزامەندی ئەم لێژنەیەی نەبێت ڕێگای هاتنە ژوورەوەی پێنادرێت لە هەمان کاتدا تۆمار ناکرێت لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتوو چۆی هەرێم . بۆیە کاتی هەماهەنگی نێوان لەلایەن پەیوەندی دار لە ( بازرگانی دەرەوە ، گومرگەکانی هەرێم ، هاتو چۆ) لە هەرێم پێویستە بۆ نەهێشتنی هێنانی ئەم بابەتە بۆ ناو هەرێمی کوردستان . ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئەم لێژنەیە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١/١ لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان دەست بە کار دەبێت ..